Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# پرۆگرام و زمان لە بواری پەروەردە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری تاک لەهەرێمی کوردستاندا

**شکر محمد صالح[1] - نەریمان عبدالله کریم[2]**

[1+2] بەشـــی زمـانی کوردی، کۆلێژی پـەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ســـەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ناونیشـــانی توێژینەوەکە (پرۆگرام و زمان لە بورای پەروەردە و ڕەنگدانەوەی لەســەر ڕەفتاری تاک لەهەرێمی کوردستاندا)، هەر یەکە لە پرۆگرامی خوێندن و زمان چۆن کاریگەری دەخەنە سەر تاک و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری دەکەن، بەمەش پەروەردە گرنگترین و باشـــترین فاکتەرە تاوەکو لەڕێگەیەوە دەوڵەت فەلســـەفە و ئایدیکانی لەبیری تاکەکان بچەســـپێنێت و بەرەو داهاتویەکی ئـامانجدار ئاڕاسـتەیان بکات. لەم بوارەدا پرۆگرام کۆکراوەی ئەزمون و چالاکی پەروەردەییە و کۆمەڵێک ئامانجی مەبەســـتدارە لەڕێگەی زمانەوە لایەنی پەیوەندیدار کاری لەســەر دەکات بۆ گەشــەکردنی تاک لەهەمو بوارەکانی ژیاندا، چۆنیەتی دارشـــتنی زمانی دەقە پـەروەردەییـەکـانی پـەرتوکی خوێندن کـاریگـەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هاتنەکایەی ئامانجەکانی خوێندن و گۆڕانکاری لـەڕەفتاری تـاک، دەبێت لـەپرۆگرامدا بـابـەتـەکان بـەجۆرێک دادەبڕێژرێن، ڕەنگدانەوەی مەیل و پێداویســتییەکانی قوتابی بێت، بۆیە لێرەدا زمانیش شـان بەشـانی پرۆگرام گرنگی خۆی هەیە، پەروەردە بەردەوام ئامانجەکانی خۆی ئاڕاســـتە دەکات لەڕێگەی پرۆگرام بەهۆی زمانێکی مەبەســـتدارەوە، گەیاندنی واتایی لەهەر دەقێکی پەروەردەیی هەنگاوی یەکەمی فێربونە، زمان و پرۆگرام وەکو دو ڕوی یەک دراو وان یەک بەبێ ئەوی تر ناتەواو دەبێت، لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش و چەند ئەنجامێک، لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە:
بەشـی یەکەم: (پرۆگرام و زمان) باس لە هەر یەکە لە زمان و پرۆگرام دەکات، فەلسەفەی پەروەردە لە بواری خوێندندا، بنـەمـاکانی پرۆگرامی خوێندن، گرنگی و ئامانجی پرۆگرامی خوێندن خراوەتەڕو.
بەشـــی دوەم: (پرۆگرام و کاریگەرییەکانی)باس لە پـەیوەنـدی نیوان پرۆگرامی خوێنـدن و قوتـابی لەڕوی گەشـــەکردن، ئاڕاســـتە، کارامەییەکان، پێداویستی و مەیلیان بۆ خوێندن دەکات.
بەشـی سـێیەم: باس لە پۆلێنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان (ئامانجە مەعریفییەکان، ئامانجە وێژدانییەکان، ئامانجە دەرون جوڵەییەکان) دەکات لەپرۆگرامی خوێندندا.

**کلیلە وشەکان:** زمانی پەروەردەیی، پرۆگرام، زمان، ئامانجە پەروەردەییەکان، دەقی پەروەردەیی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30
**Received:** 17-April-2022
**Accepted:** 05-June-2022
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
Shukur.saleh@su.edu.krd
Nareman.kareem@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

### ١- ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پرۆگرام و زمان لە بواری پەروەردەو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری تاک لەهەرێمی کوردستاندا) باس لەکاریگەرییەکانی هەریەکە لەپرۆگرام و زمان دەکات لەبواری پەروەردەو فێرکردندا.

### ٢- ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی پەیڕەوکراوە.

### ٣- پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەویە هەوڵێکە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١- هەریەکە لەپرۆگرام و زمان چۆن کاریگەری دەخەنە سەر تاک؟

٢- ئایا پەیوەندیی لەنێوان پرۆگرام و زماندا هەیە لەبواری پەروەردەدا؟

٣- ئایا ڕۆڵی زمان لەچەسپاندنی ئامانجە ڕەفتارییەکان چییە بەو مانایەی ئایا دەتوانرێت لەڕێگەی زمانەوە ڕەوشت و ڕەفتاری قوتابی بگۆڕدرێت (لەڕوی مەعریفە و دەرون جوڵەیی و ویژدانییەوە)؟

### ٤- گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوە سەرچاوەی گرتوە، زمان لەبواری پرۆگرامی پەروەردەیی دەورێکی کارای هەیە بەجۆرێک زمان لە داڕشتنی دەقە پەروەردەییەکان ڕۆڵی ئاڕاستەکردنی تاک دەبینێت بەرەو ئامانجی ئاڕاستەکراو.

### ٥- هۆکاری توێژینەوەکە:

بەهۆی ئەوەی بواری پەروەردە بوارێکی گرنگی ژیانە تاک لەڕێگەیەوە ئاڕاستە دەکرێت، لێرەوە پێویستە زمانی نوسینی دەقەکان بەوردییەوە کاری لەسەر بکرێت، زمانێک بەکاربێت تاک لەڕێگەیەوە بەرەو ئاڕاستەیەکی باش هەنگاو بنێت.

### ٦- ناوەڕۆک و پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ بەش و چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: (پرۆگرام و زمان) باس لە هەر یەکە لە زمان و پرۆگرام دەکات، فەلسەفەی پەروەردە لە بواری خوێندندا، بنەماکانی پرۆگرامی خوێندن، گرنگی و ئامانجی پرۆگرامی خوێندن خراوەتەڕو.

بەشی دوەم: (پرۆگرام و کاریگەرییەکانی) باس لە پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و قوتابی لەڕوی گەشەکردن، ئاڕاستە، کارامەییەکان، پێداویستی و مەیلیان بۆ خوێندن دەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

بەشی سێیەم: باس لە پۆلێنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان (ئامانجە مەعریفییەکان، ئامانجە ویژدانییەکان، ئامانجە دەرون جوڵەییەکان) دەکات لەپرۆگرامی خوێندندا.

## بەشی یەکەم: پرۆگرام و زمان

### ١-١: پرۆگرام:

وشەی (Curriculum) کە بە واتای پرۆگرام دێت، لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینییە بەمانای پێشبڕکێ دێت (محمد السيد علي:٢٠١١: ١٧)، بەڵام بەتێپەڕبونی کات واتاکەی گۆڕاوە، بەو مانایەی ئەو ڕێگایەی تاک دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو(ايمان سعيد احمد باهمام: ٢٠٠٩: ٣٩). پرۆگرام لە سەرەتادا زیاتر ئامانجی پەروەردەیی هەبوە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی وایکرد گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا بکرێت، کە جگە لە ئەرکی خۆی، ئەرکێکی تری کۆمەڵایەتی بخرێتەپاڵ.

بەشێوەیەکی گشتی پرۆگرام لەڕوی مێژوییەوە دابەش دەبێت بۆ دو بەش:

١- پرۆگرامی کۆن: بریتییە لەو پرۆگرامە سەرەتاییانەی کە لە کۆندا پەیڕەو کراون، بەشێوەیەک بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و بیرۆکەی دیاریکراو، کە قوتابی لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی دیاریکراو لەلایەن مامۆستاوە وەریگرتون(ايمان سعيد احمد باهمام: ٢٠٠٩: ٤٠).

٢- پرۆگرامی نوێ: بریتییە لە کۆمەڵێک ئەزمونی جۆراوجۆر، کە هەڵگری دو ئەرکی سەرەکییە، لەوانە:-

أ- ئەرکی تایبەت بەقوتابخانە: کۆمەڵێک زانیاریی ئەزمونی جۆراوجۆری فێرکاری بە قوتابیان دەدرێت.

ب- ئەرکی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پێگەیاندنی منداڵ لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی (گەشەی هزری، دەرونی، کۆمەڵایەتی، ئایینی)(فتحي يونس واخرون: ٢٠٠٤: ١٧ ) بەمجۆرە پرۆگرامی نوێ جیاوازتر لە ئەرکە فێرکارییەکەی ئەرکی، گەشەپێدان بە تواناکانی منداڵیش دەگرێتەخۆ.


کۆکراوەی ئەو ئەزمون و چالاکییە پەروەردەییانەیە، کە لایەنی پەیوەندیدار بۆ قوتابیانی ئامادەی دەکات، ئەمەش بۆ گەشەکردنی گشتگیر لە هەمو ڕویەکەوە (عەقڵییەتی - کەلتوری - ئایینی- گەشەی کۆمەڵایەتی- جەستەیی- دەرونی)، کە دەبێتە هۆی هەموارکردنی ڕەفتار و کارەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەروەردەیی خوازراو.

پرۆگرامی خوێندن هەمو پلاندانانێکی پرۆسەی فێربون دەگرێتەوە، لە ناوەوە و دەروەی قوتابخانە، کە بۆ قوتابی بنیاتدەنرێت لەسەر بنەمای (دەرونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی...هتد)( Colin J. Marsh:2004;7 ). پرۆگرام یەکێکە لە کەناڵە گرنگەکانی فێرکردنی پلان بۆ داڕێژراوی پەروەردەیی بەهۆیەوە، کاریگەری دەخاتە سەر پرۆسەی بنیاتنانی تاک، بە تایبەت لە سەرەتاکانی تەمەنی فێربون، کە قۆناغی بنەڕەتی دەگرێتەوە، بە شێوەیەک دەکرێت لەڕێگەی پرۆگرامەوە کاریگەری بخەینە سەر لایەنی ژیری جوڵەیی و وروژاندنی هەستی تاک، بەمەش تاک ئاڕاستە دەکرێت بۆ گۆڕانکارییە پلان بۆ داڕێژراوەکە. کەواتە پرۆگرامی خوێندن بۆ گشت ئەزمونەکانی فێربون دادەنێت، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن قوتابخانە و لە ڕێگەی مامۆستاوە ئامانجە پەروەردەییەکە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

دەهێنرێتەدی کە دواجار مەبەست لە گۆڕانی ڕەفتاری قوتابییە، بەشێوەیەک کە قوتابییەک نیشتمانپەروەربێت، ڕیزی هاووڵاتیان بگرێت، زمانپاراو بێت و باوەڕی بە یەکسانی و فرەیی هەبێت و لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئاکاری و جەستەیی ژیرییەوە گەشەی کردبێت (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠١٣: ٣٤). دەتوانین بڵێین پرۆگرام هەمو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە، کە قوتابخانەکە سەرپەرشتیی دەکات چ لە ناوەوە و دەرەوەی، بۆ قوتابیان دابینی دەکا، کە کۆمەڵێک ئامانجی پەروەردەیی گشتگیر و گونجاون بۆ جۆرە جیاوازەکانی کەسایەتی قوتابی و لە توانا و ئاستیاندا (ساجدة أبو صوي: ٢٠١٧). کەواتە پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێک ئەزمونی پەروەردەییە، پلانێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی فێربون، هەڵبەتە ئەمەش لەڕێگەی سیستەم یاسایەکەوە بەڕێوەدەبرێت، لەسەر کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە بنیاتنراوە، وەک: (ئایین، دەرونزانی، دەمارزانی و درکپێکردن و زانیاری زمانەوانی، نەتەوەیی، ڕۆشنبیری، کلتور)(فواد محمد موسى: ٢٠٠٢: ٣٦)




**هێڵکاری ژمارە (١) لایەنەکانی پەیوەندیدار بە واتای پرۆگرامەوە (ناجي تمار، عبدالرحمن بن بريكه:١٩٦٤: ٥).**

پرۆگرامی خوێندن ڕێگە بە هەموارکردنی گۆڕانکارییەکان دەدات، هەر کاتێک پێویست بو لەگەڵ مەرج و پێداویستییەکانی قوتابخانەدا بگونجێن، قوتابخانە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە دامەزراوە، بۆ ئەوەی لەجیاتی کۆمەڵ وەک هەوڵێکی تەواوکاری ڕۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردنی تاک بەشێوازی خوازراو بەرنامە بۆ دارێژراو، زانایانی بواری پەروەردە گرنگی بەرچاویان بە بنیاتنانی پرۆگرامی خوێندن داوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

## ١-٢: زمان و پرۆگرام:

زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی تاکەکان دەگێریت بەشێوەیەک چوەتە ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان، هەر بوارێکیش زمان وەک هۆکارێک بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، پەروەردەش وەک یەکێک لەم بوارانە، بەردەوام ئامانجەکانی لەڕێگەی پرۆگرام و بەهۆی زمانێکی مەبەستدار توانیویەتی ئامانجەکانی فەراهەم بکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە پرۆسەی پەروەردەدا زمان هەمو شتێک نییە، بەڵام بەبێ زمان هەمو پەیامێکی ئەم پرۆسەیە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە(Elaine Furniss: 2014: 4). لێرەدا دەتوانین بڵێین زمان لەم پرۆسەیەدا بە گرنگترین و سەرەکیترین ئەرکی خۆی هەڵدەستێت، کە کاریگەری خستنەسەر تاک و ئاڕاستەکردنی تاکە لەڕێگەی چۆنییەتی داڕشتنی بابەتە پەروەردەییەکانی نێو پەرتوکەکانەوە. زمان کاردەکاتە سەر چۆنییەتی بیرکردنەوەی تاکەکان، ئەمیش بەهۆی ئەو ئامانجە دیاریکراوانەی لەڕێگەی فەلسەفەی پەروەردەوە دیاریکراون.

لێرەوە گرنگی زمان لە پرۆگرامدا دەردەکەوێت، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، بەو پێیەی هەردوکیان لەگەڵ تاکدا، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان، چونکە زمانی هەر دەقێکی پەروەردەیی هەنگاوی یەکەمی گەیاندنی واتای ئەو بەها و چەمک و زانیاریانەیە، کە دەقە پەروەردەییەکانی پرۆگرامی خوێندن دەیانەوێت گوزارشتی لێبکەن، پەروەردە لەڕێگەی پرۆگرامەوە کار لەسەر بنیاتنانی ئامانجەکان دەکات و زمانیش بۆتە ئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکان (ڕوخسار نەبی مەغدید: ٢٠١٧: ٤٢). لێرەدا گرنگە زمانێکی پەروەردەیی دیاریکراو هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە باشترین شێوە ئامانجە پەروەردەییەکان بۆ تاک بگوازێتەوە، بەشێویەک بێت لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابی ڕەنگدانەوەی هەبێت و لەگەڵ ناوەرۆک و پەیامەکە کارلێک بکات، نەک تەنها زمانێک بێت بۆ تێگەیشتن(Jean. Claude Beacco and others: 2015: 13)، بەو مانایەی زمانی پەروەردەیی دەبێت زمانێک بێت کاردانەوەی هەبێت لە کردە کۆمەڵایەتییەکان و لێکەوتە بە شوێن خۆیدا بهێنێت. زمانی داڕشتنی دەقەکان پێویستە بە شێوەیەک بێت کە تاک ئاڕاستە بکات، چونکە زمان دەتوانێت بەشێوەیەکی کارامە هێز بە دەقەکان ببەخشێت، زمان لەڕێگەی ئەو هێزەی لە چوارچێوەی دەقەکە پێیدراوە وەک هێزێکی کاریگەر دەچێتە قوڵایی کۆمەڵایەتییەوە لەوێوە کاریگەری لەسەر تاک دروست دەکات Christine (Sherry Jaimungal:2013:117)، هێزی زمانی بەو مانایەی زمان دەتوانێت ئامادەییەکی کارای لەناو دەقەکاندا هەبێت، دەکرێت هێزی زمان لەم لایەنانەی خوارەوە بخەینەڕو:

١- پێدانی دەسەڵات بە تاکی بەشداربو لە گوتارەکاندا.

٢- بەکارهێنانی هێز (دەسەڵات) لە شێواندنی(دروستکردنی) سیستەمی زماندا.

٣- بەکارهێنانی دەسەڵاتی زمانی بۆ هێنانەکایەی خاڵی دوەم.

٤- بەکارهێنانی دەسەڵاتی زمانی لە چەند بوارێکی تری وەک:

أ- لە دروستکردن و بەڕێوەبردنی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن، بە بڕیاردان لەسەر قسەکەری سەرەکی و پێدانی ڕۆڵ بە بەشداربوان یان دورخستنەوەیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

ب- بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆک و دانانی بەرنامەیەک بۆ چاوپێکەوتن و بڕیاردان.

ت- بەکارهێنانی دەسەڵاتی زمانی لە بواری پەروەردە(J.V. neustupny:2002 4).

لێرەدا جێگای سەرنجە بزانین، کە پرۆسەی دیزاینکردنی ناوەڕۆکی زمانی پرۆگرام پرۆسەیەکی هەڕەمەکی نییە، کە لەلایەن تاکەوە ئاراستە بکرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی مەبەستدار و وردە لەسەر بنەمای زمانەوانییەوە، کە ئەویش بریتییە لە کۆمەڵێک چەمک و پرەنسیپ و ڕاستییەکان کە لە ئەنجامی خوێندنی زمانەوە وەرگیراوە.

## ١-٣: فەلسەفەی پەروەردە لە بواری پرۆگرامی خوێندندا:

هەر سیستەمێکی پەروەردەیی پێویستە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی ڕون و دیار هەڵچنرابێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەنێوان فەلسەفە و پەروەردەدا پەیوەندییەکی بەتین هەیە، بەبێ هەر یەکێکیان ئەوی تر ناتەواو دەبێت، فەلسەفە لەڕێگەی پەروەردەوە خۆی نمایش دەکات، پەروەردەش ناتوانێت بەبێ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بڕوات بەڕێوە، چونکە هەر ئامانجێک لەبەر ڕۆشنایی بنەمای فەلسەفییەوە دیاری دەکرێت(احمد الفنیش:١٩٩٩: ٩١). فەلەسەفە کار لەسەر پرسە مرۆڤایەتییەکان دەکات، پەروەردەش ئەرکی دەرخستنی تواناکانی مرۆڤە، بەمەش هەریەکەیان بەشێوەیەک کار لەسەر تاک دەکەن و تەواوکەری یەکترن، بۆیە پێویستە لە دەستپێکی داڕشتنی هەر سسیتەمێکی پەروەردەیی ئامانج و بنەما فەلسەفییەکانی تایبەت بە خۆی هەبێت، تاوەکو لەڕێگەیەوە تاکەکانی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست ئاڕاستە بکات، بەشێوەیەک بیرە فەلسەفییە پەروەردەییەکان لە هزری تاک ڕۆڵبگێڕن، تاوەکو لەڕێگەی ئەم هزرە پەروەردەییانەوە کە هەڵگری فەلسەفەی پەروەردەن، تاکەکان ئامانجەکانیان بپێکن، بەمەش پرۆسەی پەروەردە دەبێتە پراکتیزەکاری دید و بۆچونە فەلسەفییەکان، کە تاکەکان بارگاوی دەبن بە چالاکی هزرییەکانی فەلسەفەی پەروەردە، لەچوارچێوەی هەڵسوکەوت و بەکارهێنانی زمانیان ڕەنگدەداتەوە، بۆیە کاری هەرەگرنگی فەلسەفەی پەروەردە بریتییە لە دیاریکردنی ڕێرەوی پرۆسەی پەروەردە و ئاڕاستەکردنی لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کۆمەڵگە مەبەستێتی، کەواتە فەلسەفەی پەروەردە وەکو ئامرازێک دەتوانین لەڕێگەیەوە میتۆدە فەلسەفییە پەروەردەییەکان بخەینە واری جێبەجێکردنەوە، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە ئاڕاستە دەکرێن.

کەواتە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی پەروەردە هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ پیادەکردنی هزری فەلسەفی لە بواری پەروەردەییدا، هەروەها ئەرکی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و ئاڕاستەکردنی تاک دەگرێتە ئەستۆ(ئەحمەد عەلی ئەلحاج محەمەد:٢٠٠٨: ١١)، کەواتە دەکرێت بگوترێت لەڕێگەی فەلسەفەی پەروەردەوە دەتوانرێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدرێت، کە ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی تاک بێت، بەمەش فەلسەفەی پەروەردە بریتییە (لەو چوارچێوە هزری و بیروباوەڕیەی کە پێناسە و ڕونکردنەوەی بۆ شت چەمک و لایەنە پەروەردەییەکان هەیە، هەروەها ئامانج و ڕێبازی پێگەیاندنی ژیری و جەستەیی و گیانی تاک لەمیانی پرۆسەی پەروەردەکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دیاریدەکات لەپێناو گەیاندنی کۆمەڵگە و وڵات بەو ئامانجە پیرۆزانەی فەلسەفەکە دیاریکردون)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

(چنار سعد عبدالله: ٢٠٠٩: ٦٢)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەلسەفەی پەروەردە ئامانجێکی گرنگی هەڵگرتوە، کە بریتییە لە پەروەردەکردنی تاک لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. بۆیە لێرەوە پەروەردە لەڕێگەی فەلسەفەوە ئەمەیش بەهۆی زمان ئامانجەکانی خۆی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و ئاڕاستەکردنی تاک لەڕێگەی چالاکی هزری ڕیکوپێک بۆ ڕێکخستنەوەی کاری پەروەردە و ڕونکردنەوەی بەهاکان لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری و هزرێکی دیاریکراودا(عزیز ئالانی : ٢٠٠٨ :٢٥١). زمان لێرەدا دەورێکی باڵا دەگێڕێت لە جێبەجێکردنی بیرو ڕا فەلسەفییەکاندا.

## ١-٤: بنەماکانی پڕۆگرامی خوێندن:

بۆ بنیاتنانی پڕۆگرامی خوێندن سێ هۆکاری سەرەکی هەن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دانانی بەرنامەی خوێندن هەیە، لەوانە: یەکەمیان بریتییە لە زانیاری(مەعریفە)، واتە تێگەیشتن لە مەبەست و مەرامی ئامانجەکانی خوێندن، دوەمیان دانانی ناوەڕۆکی بەرنامە و ڕێکخستنی دەگرێتەوە، کە ئەمەیان زیاتر کار لەسەر حەز و پێویستییەکانی قوتابی دەکات، سێیەمیان پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە، کە دیدگە و کلتور و پیرۆزییەکان تیایدا ڕەنگدەداتەوە، کە بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستی فەلسەفی ڕۆشنبیری... هتد(احمد حسين اللقاني، وآخرون: ١٩٨٩: ٦٣)، هەر یەک لەم سێ ئاڕاستەیەی خرانەڕو ڕێکاری جێبەجێکردن و ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە بەشێوەیەک کە ئامانجیانە لەڕێگەی پەروەردە و فیرکردن گۆڕانکاری لە ڕەوشتی قوتابی بکەن و تاکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا بەرهەم بهێنرێت لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئەتەکێت و زمان و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی...هتد.

کەواتە ئەو چەمکانەی لە بواری زماندا هەن پێویستە لە دانانی پڕۆگرامی خوێندن وەکو بنەمایەکی زانستی کاری لەسەر بکرێت، تاکو لەڕێگەیەوە تاک ئاڕاستەیەکی باشی پەروەردەیی وەربگرێت بەجۆرێک لەزمان و هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی ڕەنگدانەوەی هەبێت، کاتێک ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندن دادەنرێت، پێویستە لە سەرەتاوە ئامانجەکان دیاریبکرێت لەسەر بنەماکانی ئەو ئامانجە بەرنامەی خوێندن بنوسرێت، زمانێک بەکاربێت نەرم و نیانی بێت و دوربێت لە بەکارهێنانی ئەو چەمکە زمانیانەی توندوتیژی دەگەیەنن، لەبەرئەوەی دواجار ناتوانین ئامانجەکانیش بەدەست بهێنین، بۆ ئەوەی بەرنامەی خوێندن ئامانجی خۆی بپێکێت، پێویستە ئاگاداری زمانی نوسینی پەرتوکەکان بین، نوسینی ئەو دەقانەی کە ئامانجیان گۆڕینی خوڕەوشتی قوتابییە، دەبێت لەڕیگەی زمانێکی مەبەستدار ئاڕاستە بکرێت، ئەو وشە و ڕستانەی هەڵگری ئامانجەکانن پێویستە بەشێوەیەک بن واتای کاریگەر و دروست لای قوتابی بگەیەنن، نەک لێکەوتەی نەرێنی بخەنەوە، لێرەدا پێویستە هەماهەنگی و هاوسەنگی لەنێوان ئامانجەکانی دەقەکەو زمانی داڕشتنی دەقەکە بپارێزرێت، ناکرێت یەکێکیان فەرامۆش بکرێت، چونکە ئامانجەکان ئەنجامیان باش نابێت (جبرائيل بشارة و أسماء الياس: ٢٠٠٣: ٣٠٢)، هەروەها پێویستە ژینگەی قوتابی لەبەر چاوبگیرێت، ئامانجەکان و زمانەکە لە خزمەت قوتابی بێت، لەڕوی تەمەن و ئاستی زانیارییەوە، ناکرێت دوربێت لە حەز و پێویستییەکانی قوتابی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

### ١-٤-١: بنەمای دەرونی پرۆگرامی خوێندن:

پێویستە لە هەمو بەرنامەیەکی خوێندن لایەنە دەرونییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەچاوبکرێت، کە زانایان و دروونناسان بەردەوام بە دواداچون بۆ ئەم بوارە دەکەن و بەلایەنێکی گرنگی بەرنامەی خوێندنی دادەنێن، زانایانی دەروونناسە مەعریفییەکان گرنگی بە بونی چالاکی تاک دەدەن وەک هۆکارێکی فێربون، ئەمەش بە مەبەستی دۆزینەوەی کێشە و گرفتە پەروەردەییەکان، بۆیە زۆربەی کات پشت بە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن دەبەستن بۆ هاتنەدی ئامانجەکانیان (فراس علي حسن الكناني:٢٠١٤ :٦). دەروونناسان و پسپۆڕانی پەروەردەیی گرنگی زۆر دەدەن بە تایبەتمەندییەکانی قوتابی و مەیلی قوتابی بۆ خوێندن. ئەو بنەما دەرونیانەی کە لێکۆڵینەوە دەرونییەکان ئەنجامی دەدەن سەبارەت بە سروشتی قوتابی و تایبەتمەندییەکانی لەڕوی تەمەن و حەز و چاپوکییەکانی سەبارەت بە کرداری فێربون، پێویستە لە پرۆگرامی خوێندن بە گرنگی لێیەوە بڕوانرێت(ایمان سعيد احمد باهمام: ٢٠٠٩: ٩١).

### ١-٤-٢ : بنەمای کۆمەڵایەتی پرۆگرامی خوێندن:

قوتابخانە یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی، کە کۆمەڵگە لەڕێگەی پرۆگرامەوە کلتوری نەتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە، تاکەکان بۆ ژیان ئامادەدەکات، لە پرۆسەی پەروەردە و ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا بەشدارە، لەبەرئەوەی پرۆگرامی خوێندن تاکە ئامرازی خوێندنە بۆ هێنانەدی گۆڕانی خوازراو لە هەڵسوکەوتی قوتابیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە، بۆیە دەبێت ئەم ڕێبازە ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و کەلەپوری ئەو کۆمەڵگایە بێت. بەهۆی پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێنەر لە بوارە جیاجیاکاندا ڕویداوە، کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی خستۆتە بەردەم ئاڵنگارییەکی گەورە لە ئامادەکردنی تاکەکاندا، لێرەوە قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی بەرجەستە دەکات و بۆ ئەوەی تاکەکان بەشێوەیەکی کاریگەر و دروست بژین لەڕوی گەشەی جەستەیی و عەقڵی و سۆزداری و ڕۆحی(ایمان سعيد احمد باهمام: ٢٠٠٩: ٩٢).

هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی و سیستەمی تایبەت بەخۆی لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە، ئەگەرچی هەندێک جار خاڵی لەیەکچوش لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە، ئەم جیاوازی و لەیەکچونانە لە دانانی پرۆگرامی خوێندن سودی هەیە و کاریگەرییان لەسەر بیرۆکەی پەروەردەیی و زانستی هەیە. بەرنامەی خوێندن بەپێی تایبەتمەندی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەگۆڕێت، هەڵبەتە ئەم جیاوازییەش لە کلتوری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری پەیرەو دەکرێت، کە لە بواری پەروەردەیی ڕەنگدانەوەی دەبێت (احمد حسين اللقاني، وآخرون: ١٩٨٩: ٦٣).

لێرەدا پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە لەو زانیارییانەی، کە هەڵقوڵای زادەی بیری کۆمەڵگەن لەڕێگەی زمانێکی مەبەستدار و ئامانجدارەوە کار لەسەر ئامانجە (مەعریفی و جوڵەیی و ویژدانی)یەکان دەکات، بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

مەبەستی گۆڕانکاری لە ڕەوشتی قوتابی و ئاڕاستەکردنی بۆ ژیان، کەواتە ڕۆڵی پرۆگرام پەیوەستکردنی هەسێ تەوەری (قوتابی، کۆمەڵ، زانیاری)یە بەیەکەوە، بەم پێیە پرۆگرامی خوێندن بناغە و ناوەرۆکی پەروەردەییە کە بە گرنگترین بنەمای پرۆسەی پەروەردەیی دادەنرێت، کە ئەمیش بریتییە لەو خاڵەی منداڵ بە جیهانی دەرەوە دەگەیەنێت و هۆکارێکە منداڵ لەڕێگەیەوە بە کۆمەڵگە ئاشنا دەبێت (سند تكويني:٢٠٠٤: ١٣٣). بەو مانایەی پرۆگرامی خوێندن پلانی چۆنییەتی فێربونی منداڵ لە خێزانەوە چی فێربوە، پەیوەستکردنی بە کۆمەڵەوە، پرۆگرام سوڕی گەشەپێدانی منداڵ پڕاوپڕ دەکات، وەک پرۆسەیەکی تەواوکاری پەروەردەیی.

## ١-٤-٣ : بنەمای فەلسەفی پرۆگرامی خوێندن:

فەلسەفە و دیدی هەر کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کلتوری کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، لە هزر و وێژدانی ئەندامەکانیدا جێگیر بوە، بەمەش هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی خاوەنی بیر و تێڕوانینێکی گشتی تایبەت بە خۆیەتی، کە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێزی لێدەگرن، وەک چوارچێوەیەکی پرەنسیپی هاوبەش کە بەشداری لە ڕێکخستنی ژیانیان دەکات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکی تر دەگوازرێتەوە، ئەم تێگەیشتنە گشتییە یان ئەوەی لە فەلسەفەی کۆمەڵگەدا دەریدەبڕێت، بریتییە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ، کە ڕێنوێنی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە دەکەن (ڕوخسار نەبی مغديد: ٢٠١٧ ٣٥)، جۆن دیوی دەڵێت: یەکەم کرداری پرۆگرام ئەوەیە کە ئەو باوەڕانە بپارێزێت، کە لە مێشکی فێرخوازان ڕەگیان داکوتیوە و لەگەڵیدا گەورەبون، کە بەشێوەیەکی کرداری و بەهای ئەزمونی لە بەرنامەی خوێندندا ڕەنگدانەوەی هەبێت (احمد حسين اللقاني، وآخر: ١٩٨٩: ٤٩). پێویستە پرۆگرام لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیاریکراو بێت، ڕەنگدانەوەی توێژە جیاوازەکان بێت و لەڕوی فرەییەوە هەموان بەشداربن.

## ١-٥: گرنگی پرۆگرامی خوێندن:

بەهۆی ئەوەی فەلسەفەی پەروەردە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکاندا، چەند ئەرکێکی گرنگتریشی دەکەوێتە ئەستۆ، وەکو ڕێکخستنی ناوەرۆکی خوێندن و پەرەپێدانی پرۆگرام (ئەحمەد عەلی ئەلحاج محەمەد:٢٠٠٨: ١١٦)، لەبەرئەوەی ناورۆکی خوێندن کاریگەرییەکی گرنگ جێدەهێڵێت لە پەروەردەکردنی تاک و ئاڕاستەکردنی تاک لەڕوی هەڵسوکەوت و زمان و ڕەفتاری تاک. لێرەدا کاریگەری و کارلێککردن لەنێوان پرۆگرامی خوێندن و کۆمەڵگە دێتە پێشەوە، بۆیە بایەخ و گرنگی بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە داڕشتن و دانانی پرۆگرامی خوێندن دەردەکەوێت.

هەمو پرۆگرامێکی خوێندن پێویستە دەرهاوێشتەی فەلسەفەیەکی ڕونی پەروەردەیەکی نمونەیی بێت، بەشێوەیەک لەوپەڕی ئاستی بەرزی زانیارییەوە بێت، لەڕوی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، پێویستە پرۆگرامی خوێندن وەڵامی چەند پرسیارێکی بنچینەیی بداتەوە لەوانە:

١- ئامانجی پەروەردەیی چییە؟ چۆن قوتابخانە پێیدەگات؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

٢- ئەزمونی پەروەردەیی چییە؟ چۆن کاریگەری دەخاتە سەر تاک؟
٣- ئامانجی پرۆگرامی خوێندن چییە؟
٤- بنەماکانی هەڵبژاردنی بابەت و پرۆگرامی خوێندن چین؟
٥- چۆن قوتابی ئاڕاستەدەکرێت تاوەکو بگات بە ئامانجی پرۆگرامەکە؟
٦- لەسەر چ بنەمایەک هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکە دەکرێت؟(DENG ZONGYI: 2012:73)

ئەم پرسیارانەی خرانەڕو بەهادار و گرنگن لە بواری پەروەردەدا، زیاتر پرۆگرامی پەروەردەیی ڕون دەکەونەوە، پێویستە لە هەر پرۆگرامێکی پەروەردەیی ئامانجداربێت و لەژێر ئەزمونی پەروەردەیی هاتبێتە ئاراوە، پرۆگرامەکە لەگەڵ مەبەست و مەرامی کۆمەڵگە یەک بێت و وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بێت و لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئاشتەوایی تاکێکی پێشکەوتوخواز لە ئاست داواکارییەکانی کۆمەڵگە بێت.

دەتوانین بڵێین یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی پرۆگرامی خوێندن بەرەوپێشبردنی ئاستی زیرەکی و لێهاتویی قوتابییە لەڕێگەی فێرکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری قوتابی، لەڕوی دەرونزانییەوە خێزان و ژینگە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر ڕەفتاری تاک(غازي مفلح: ٢٠١٣)، کاتێک خێزان لەگەڵ کۆمەڵگە بەرکەوتنی دەبێت، پەروەردە وەکو ناوەندێک کاریگەرییەکان دەگوازێتەوە و یارمەتیدەر دەبێت وەک پرۆسەیەکی تەواوکاری بۆ کاریگەری خستنەسەر تاک بۆ هێنانەدی ئامانجە داواکراوەکان. کەواتە لەڕێگەی پرۆگرام و بەرنامەی خوێندنەوە ئێمە دەتوانین تاک ئاڕاستە بکەین، بەو شێوەیەی کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی بەجۆرێک بەرنامەکە دابڕێژرێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر تاک هەبێت، کە ئەمەش بەهۆی کارکردن لەسەر لایەنەکانی ژیری و بیروباوەڕ و ڕەوشت و جەستە و دەرونی قوتابی، بەمەش تاکێکی بیرمەند و زمان پاراو و ڕێزدار لەئاست داواکارییەکانی کۆمەڵگە دەبێت.

## ١-٦: ئامانجی پرۆگرامی خوێندن:

هەر کارێک مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی ئەنجامی دەدات، دەبێت ئامانجی لە کردنی ئەو کارە هەبێت، کەواتە دەکرێت بڵێین ئامانج بریتییە لە بەرهەمی چالاکییەکانی مرۆڤ، بەتایبەت ئەگەر چالاکییەک لە بواری پرۆگرام بێت، لەوێدا ئامانج تیایدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بەوەی تاکەکان ئاڕاستەدەکات بۆ مەبەست و مەرامێکی دیاریکراو، بۆیە دیاریکردنی ئامانج لە بواری زانست و زانیاری یارمەتیمان دەدات تاوەکو باشترین ناوەرۆک هەڵبژێرین، لەگەڵ ئاستی فێربونی قوتابیان بگونجێت، بەمەش ئامانجی فێربون کاردانەوەی باشی دەبێت(فواد محمد موسى: ٢٠٠٣: ٢٥٨)، لەڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە دەکرێت وەک هۆکاری فێربون ناوی بەرین بۆ هێنانە کایەی ئامانجی دیاریکراو، ئامانجی پرۆگرام ئەو دەرەنجامەیە کە سیستەمی پەروەردەیی مەبەستیەتی لەنێو پرۆگرامی خوێندندا بەدەستبهێنێت، کەواتە بواری بنچینەیی لە پرۆگرامی خوێندن ئامانجە (هەوار عومەر فەقێ ئەمین: ٢٠١٥: ١٣٩)، هەڵبەتە بۆ هاتنەکایەی ئامانجی پرۆگرام چەند فاکتەرێک ڕۆڵ دەگێڕن، چونکە تەنها دانانی ئامانجی پرۆگرام بەس نییە بۆ هاتنەکایەی ئەم ئامانجە، لە جێبەجێکردنیدا پێویستی بە لایەنی مامۆستا و قوتابییە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

بەتایبەت قوتابی، کە کارکردنە لەسەر زمان و کەسایەتی لایەنی زانیاری و بیر و هۆشی، بۆیە لێرەدا پێویستی بە بەشدارییپێکردنی قوتابی هەیە تاوەکو ئامانجەکە بەباشی ڕەنگبداتەوە، بەشێوەیەک سروشتی ژینگەکەی لە خێزان و پێویستییەکانی قوتابی لە کۆمەڵگە لەڕوی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، بەرکەوتەی تەکنەلۆژیا، ئاستی پەرەسەندنی زانیارییەکانی، ئایین و ڕاگەیاندن کاریگەری بەرچاویان دەبێت (عبدالسلام مصطفى عبدالسلام: ٢٠٠٦: ٢٨٨).

پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن پێویستە بەباشترین شێوە پەرەی پێبدرێت، لەسەر بنەمای خوێندنی واقیع لە هەمو ڕەهەندەکانی و دیاریکردنی ئەگەر و گرفت و پێداویستییەکانی قوتابی، پێویستە گۆڕانکارییەکانی پرۆگرام بە ژیانی قوتابی ببەسترێتەوە، لەوەی پرۆگرامەکە هەنوکەیی بێت لەڕوی ناوەرۆک و زمان و میتۆدی فێرکردن و فێربون و گرێدراوی ژینگەی قوتابی بێت. ئامانجی پرۆگرامی خوێندن مەودادرێژە کە لە سیستەمی پەروەردەیی ڕەنگدەداتەوە، وەک:

١- لێهاتویی بیرکردنەوە و ژیری، کە لە شارەزایی زمان و خوێندنەوە و دارشتنی ڕستەکان و زمانپاراوی خۆی دەبینێتەوە، برەودان بەتوانای خوێندنەوە و نوسین لێهاتویی زارەکی و بەرزنرخاندن و ڕێزگرتن و قبوڵکردنی ئەوانی تر بەبیروڕای جیاوازەوە.

٢- ستراتیژی بۆ چارەسەری کێشەکان کە لە بابەتە فیرکارییەکان خۆی دەبینێتەوە، بیرکردنەوەی پەروەردەییانە بۆ زاڵبون بەسەر کێشەکان.

٣- گرنگیدان بە ئایین و بیروباوەڕ و چەسپاندنی زانیارییەکانی وەک چەمکی نەتەوایەتی و ئەرک پەرپرسیارییەتی کە بەهۆیەوە تاکی بیرمەند و ڕەخنەگر و خاوەن بڕیار ڕابهێنرێت.

٤- لێهاتویی جوڵەیی کە لەیارمەتیدانی ئەوانی تر و کاری هەروەزی ڕەنگدەداتەوە.

أ- دیاریکردنی ئاڕاستە بەرەو کەس و شت، یان بابەتی دیاریکراو، کە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیان هەیە. (عبدالعزیز بن صلاح التمیمی: ٢٠١٢: ٧٣). کەواتە ئامانجی پەروەردەیی بەشێوەیەکی سەرەکی ستراتیژیەتی فێربون لەخۆدەگرێت. سەرچاوەی بنیاتنانی ئەم ئامانجانەش لەمانەی خوارەوە سەرچاوەدەگرێت:

ب- سروستی ژیانی هاوچەرخ لە ژینگەی دەروەی قوتابخانە و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە گرنگی خۆی هەیە لای داڕێژەرانی پرۆگرام کە دواجار لەڕەفتاری تاکدا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

ت- پێشنیازی لایەنی پەیوەندیدار لە پسپۆڕانی بواری پەروەردە و خوێندن و مامۆستایان، دەرونزانەکان و کۆمەڵناسەکان.

ج-فەلسەفەی کۆمەڵگە و پێویستییەکانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

## بەشی دووەم پرۆگرام و لایەنە پەیوەندیدارەکانی:

### ٢-١: لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامی خوێندنەوە:

پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش و کاریگەر کاردانەوەی لەسەر قوتابی هەبێت، پێویستە فرەڕەهەندبێت و ڕەچاوی پێداویستییەکانی قوتابی بکات، بە ئامانجی فێربونی قوتابی، بەپێی ئاستەکان لەگەڵ ئاستی بیری و هۆشی و جەستەیی قوتابی گونجاو بێت. پێویستە ڕەچاوی ئەم لایەنانەی خوارەوە بکەین:

### ٢-١-١: پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و پرۆسەی گەشەکردنی قوتابیان:

ئاشکرایە پەیوەندییەکی نزیک و پتەو لەنێوان پەروەردە و گەشەپێداندا هەیە، چونکە مەبەست بنیاتنان و کارامەیی و بەها و دابونەریتەکان و ئامادەکردنیان، بۆ ئەوەی ئەندامی بەسود بن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەکەیاندا، کە خۆشەویستیان هەبێت شانازی بە مێژو و شارستانییەتی و کەلەپوری خۆی بکات (عبدالسلام مصطفی عبدالسلام: ٢٠٠٦: ٢٨١). پرۆسەی پەروەردەیی لە سەرەتاوە تا کۆتایی پرۆسەی گەشەکردنی تاکی ڕۆشنبیرە و بە ئامانجی هەموارکردن و گۆڕینی ڕەفتار بەپێی پێوەرە پەسەندەکان و هێنانەدی ئەم تاکە بۆ کارلێککردنێکی ئەرینیانە لەگەڵ ژینگەدا لەڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە، کە شارەزایی دابین دەکات. پرۆسەی گەشەکردنی قوتابی لایەنی زۆر لەخۆدەگرێت، گەشەی جەستەیی، پرۆسەی هزری و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری ...هتد. پرۆسەی گەشەکردن پرۆسەیەکی بەردەوامە، بۆیە پێویستە پرۆگرامی قوتابخانە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە، شارەزایی پەروەردەیی دەبێت لەسەر بنەمای ئەزمونی پێشو دابین بکرێت، کە قوتابی پێیدا تێپەڕیوە، کە ئەمەش زەمینەخۆش بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەزمونی تر لە داهاتودا.

### ٢-١-٢: پەیوەندییەکانی پرۆگرام و پێداویستییەکانی قوتابییان:

پێویستییەکانی قوتابی کرۆکی پرۆگرامی نوێ پێکدەهێنن، پرۆگرامی نوێ گرنگییەکی زۆر بە پێویستییەکانی قوتابی دەدات، لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاو دەنێت، (حلمي احمد الوكيل و محمد امين المفتي: ٢٠١٢: ٥٦) پێویستییەکان بەشێوەی پێداویستییە سەرەتایی و بایۆلۆجییەکان ئەو پێداویستییە بنەڕەتیانەن، کە تاک پێویستی بە خواردن و خواردنەوە و هەناسەدان و هتد...، هەیە، بەشێکی تری پێوستییەکان پێویستییە بەدەستهاتووەکانن، کە بنەمایەکی دەرونی یان کۆمەڵایەتییان هەیە مرۆڤ پێویستە ڕۆڵی خۆی بگێرێت لەژیاندا هەتا هەموی وەک پێویستی سەلامەتی و سەقامگیری و پێویستی ئینتیما بۆ کۆمەڵگە، پێویستی خۆشەویستی و میهرەبانی، پێویستی بە پێزانینی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتنی ئەوانی تر، ئینجا لەڕوی ئەتەکیتەوە بێت یان لەڕوی ڕێزگرتنی زمانییەوە بێت، کە ئەمانە گرەنتی مانەوەی تاک لەکۆمەڵگەیەکی نمونەیی دەکەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

### ٢-١-٣: پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و مەیلی قوتابییان:

تاک هەست بە ئاسودەیی دەکات بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو (شتێک یان کەسێک)، کاتێک لەگەڵ مەیلەکانی ئەو یەکدەگرێتەوە، لەوانەیە مەیلەکە لە ئەنجامی کارلێکبونی تاک لەگەڵ هەلومەرجی ژینگەی دەوروبەردا بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی بێت، ئەگەرچی مەیلەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێک جیاوازن، کە چەندین فاکتەر ڕۆڵ دەبینن، لەوانە: جۆری ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، تاک و باوەڕ و دابونەریت و زمان(شێوەزار)، پیشە، چەندین سەرنج هەیە سەبارەت بە مەیلی قوتابییان و پێویستە لە پەرەپێدان و دانانی پرۆگرامی خوێندن ڕەچاوبکرێ، وەک: دابینکردنی هەلۆێستی پەروەردەیی، کە تێیدا پەیوەندی نێوان پێداویستی و مەیلی قوتابیان ڕون و ئاشکرایە. بۆ ئەوەی پرۆسەی تێرکردنی ئەو پێداویستییانە ببێتە هۆی ئەوەی، کە ئەوەی مەیلی باش لەنێو قوتابییاندا هەبێت (حلمي احمد الوكيل و محمد امين المفتي: ٢٠١٢: ٦١-٦٤)

- پەرەپێدان ئارەزوەکانی قوتابییان بۆ پاراستنی سەرچاوە ژینگەییەکان لە ئەنجامی گەیشتن بە خۆراک و وزە بە شێوەیەک، کە نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبێت.
- پەرەدان بە مەیلی گونجاوی قوتابییان، بەشێوەیەک ببێتە هۆی پێکهێنانی هەندێک نەریت و ئاراستە حەزی لێیەتی، بۆ نمونە زمانپاراوی و ڕێزگرتنی زمانی.
- ڕێنماییکردنی مەیلی قوتابیان بەو شێوەیەی توانای داهێنانیان بۆ برەخسێت.
- بایەخدان بە دابینکردنی شارەزایی پەروەردەیی و چالاکییەکان، کە بەپێی تەمەنیان لەگەڵ مەیلی قوتابیان بگونجێت.
- بایەخدان بە کارلێککردنێکی ئەرێنی لە نێوان مامۆستا و قوتابیەکان، بەهۆی ئەو کاریگەرییە گرنگەی کە لەسەر ئاراستەکردنی مەیلەکان هەیە.

### ٢-١-٤: پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و ئاراستەکانی قوتابیان:

لە ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتی تاکەکاندا، پرۆسەی بنیاتنانی نەریت و ڕەوتەکان یەکێکە لە ئامانجەکانی سیستەمی خوێندن، پێویستە خوەکانی قوتابییان و ڕەوتەکانیان لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا گرنگییەکی زۆری پێبدرێت و لەگەڵ ئەو مەیل و پێداویستییە پەروەردەییانە کە پێویستییەتی، تاک لەژێر کاریگەری پێویستی یان مەیلی ئەوەدایە، کە بە شێوەیەکی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکات بۆ دروستکردن و دوبارەکردنەوەی ئەم مەیل و پێداویستیانەی مافی خۆیەتی، تەنها بە دوبارەکردنەوەی کاری مندالێک، چەند جارێک لە کۆتاییدا بۆ بەرجەستەکردنی خوەکە ئاراستەی دەکات، بۆ نمونە لاساییکردنەوەی کەسە بەتەمەنەکان، کە هەست بە خۆشەویستی و پێزانین و شانازیان لە بەرامبەردا دەکات، یان وەک سیمبولی هێز و دەسەڵات دەبینێت، کە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبونی خوەکە، هەندێک جار لاسایی جوڵە یان کردەوەکانی باوکی دەکاتەوە، یان لاسایی زمانی دەکاتەوە لەڕوی نەرم و نیانی یان توندوتیژی زمانی (حلمي احمد الوكيل و محمد امين المفتي: ٢٠١٢: ٦٨). لێرەدا پێویستە هاوشانی ئەرکی پرۆگرامی خوێندن وەک پرۆسەیەکی تەواکاری چاودێری تاک بکرێت،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

تاكو بەروە ئاڕاستە باشەكە بڕوات، ئەویش بە هاندان و خۆشەویستكردنی خوەكە. كەواتە گۆڕینی ئاڕاستەكان بریتییە لە حاڵەتی ئامادەباشی دەرونی لە تاك و وەڵامێكی هەڵوێستی دیاریكراوەوە، ئاراستەكان پەیوەستن بە هەندێک تایبەتمەندی دەرونی تاكەكانەوە، وەک پێداویستی و مەیل و جۆری ژینگەی كەلتوری.

## ٢-١-٥: پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و كارامەیی قوتابییان:

هەر خوێندكارێک كارامەیی جیاوازی هەیە لەڕوی توانا و ئامادەكارییەكانیدا، ئەم توانا و ئامادەكاریانە ڕۆڵێكی سەرەكی لە پرۆسەی فێربوندا دەگێڕن، پێویستە پرۆگرامی خوێندن بەشێوەیەک دابڕێژرێت كار لەسەر بە دیارخستنی تواناكان بكات و ئامادەیان بكات بەو مانایەی توانا و ئامادەیی كار لەسەر پەرەسەندنەكەی بكات و بەگەڕخستنی كردەكانی توانا و ئامادەباشی و حەزی فێربون، تاوەكو لێكەوتەی باشی لێبكەوێتەوە، پەروەردەی هاوچەرخ قوتابییەكە بەگوێرەی توانا و ئامادەكارییەكانی خۆی ئاراستەی خوێندن و چالاكی دەكات (حلمي احمد الوكيل و محمد امين المفتي: ٢٠١٢: ٦٦،٦٥)، زۆر جار وشەی توانا هاوچەشنی وشەی ئامادەییە، بەو مانایەی لەڕێگەی تواناكانی خۆیانەوە پێویستە ئامادەبكرین، چونكە ئەنجامدانی هەر شتێک بە كارامەیی و تواناوە بەستراوەتەوە، كەواتە تاک دەتوانێت كارێک بكات ئەگەر هەلومەرجی گونجاو لە شوێنی خۆی بێت. بۆیە ناكرێت داوای شتێک لە قوتابی بكرێت كە لە تواناكانی دور بێت، بەڵكو پێویستە داواكارییەكان هاوشانی تواناكان بەڕیوەبچێت، تا لێكەوتەی باشی لێبكەوێتەوە.

## ٢-٢: ناوەرۆكی پرۆگرامی خوێندن:

ناوەڕۆكی پرۆگرام بریتییە لە زانین، كە چەمک و زانیاری و بناغە و حەقیقەتی تێدابێت و بەشێكی گرنگی فێركردنە، ناوەڕۆكی پرۆگرامی خوێندن دەبێت واقیعی بێت و پەیوەست بێت بەو كۆمەڵگەیەی قوتابی تێیدا دەژی، زانیاری لەسەر هەمو ژینگەی ئەو كۆمەڵگەیە بگرێتەوە كە خوێندكاران تێیدا دەژین و هەمەجۆر بێت لایەنە ئەخلاقییەكانی ئایین و كۆمەڵگە بگرێتەوە، ناوەڕۆكی پرۆگرامی خوێندن دەبێت بەردەوام لە نوێكردنەوە بێت لە ئاست داواكاری پێویستییەكانی تاک، بەشێوەی زنجیرەی بەردەوام زانیاری وشیاركەرەوە و فێركاری بێت. (اسماءشاكر:٢٠٢٠). ناوەڕۆک زانین و توانا و لێهاتویی و بەها و ئاراستەكان و لێهاتویی و قەناعەت و هەڵوێست و ڕەفتار، فێركار دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەییدا پێیدا تێپەڕێت، تیایدا ئامانجی پەروەردەیی بەدەست دەهێنرێت، ناوەڕۆک واتە زانیاری (بەهاكان، باوەڕەكان، ئاراستەكان و مەیلەكان)و كارامەیی و لایەنی پەروەردەیی (مەعریفی، سۆزداری،دەرونی)، كەواتە ناوەرۆک بریتییە لە كەرەسەی فێربون، كە زانیاری و كەرەستە و لێهاتویی ئەزمونی پەروەردەیی دەگرێتەوە، بە مەبەستی ڕێكخستنی باشترین بەرنامە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان و باشتركردنی گەشە و گۆڕانی ڕەفتاری قوتابی (ابراهيم محمد الشافعي و اخرون:١٩٩٦: ٣٢). لە ناوەرۆكی پرۆگرامی خوێندندا ئەمانەی خوارەوە كاری لەسەر دەكرێت:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

١- ئامانجەکانی کتێبی خوێندن

٢- دیزاین و فۆرمی کتێبی خوێندن

٣- ناوەرۆکی کتێبی خوێندن لەڕوی

أ- ناوەرۆکی زانستی(معرفي) کتێبی خوێندن

ب- زمان و فۆرم و شێوازی نوسینی کتێبی خوێندن

٤- جۆر و شێوەکانی چاککردنی کتێبی خوێندن(رەمەزان حەمەدمین قادر: ٢٠١٦: ٤٢).

ناوەرۆک دەبێت ڕەنگدانەوەی ئامانجەکان بێت، کە لە دەوروبەر و سروشتی ژیانی قوتابییەوە سەرچاوەی گرتبێت لەڕوی (کۆمەلایەتی، زمان، ڕەوشت، ڕەگەز، هۆش، توانا، سەلیقە، دەرون، مەیل...هتد)، بەمەش تاک بەرەو پەروەردەیەکی نمونەیی ئاراستە دەکرێت، بۆیە کاتێک باس لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن دەکەین، نابێت ئەم ناوەرۆکە وەک کۆمەڵێک کەرەستە بۆ پەروەردە تێبگەین، بەڵکو کۆمەڵێک ئامانج کە ڕەنگدانەوەی تواناو لێهاتویی ئەو بەها و ڕەوشتە گشتییانەی کە قوتابی پێویستە فێریان ببێت (محمد الصاوي: ٤). کەواتە چەندی ناوەرۆکەکە باش و سەرکەوتو بێت، ئەوندەش ئامانجەکان بە باشی دەپێکرێن، بەمەش زانایانی بواری پەروەردە و فێرکردن بەردەوام کار بۆ پێوەری زانستی دەکەن، لە بواری دانان و هەڵبژاردنی ناوەرۆک، چونکە پرۆسەیەکی ئامانجدار ناکرێت بە هەرەمەکی کاری لەسەر بکرێت، لەخوارەوە پێوەرەکان دەخەینەڕو:

### ٢-٢-١: وابەستەبونی ناوەرۆک بە ئامانجەوە:

لە پرۆسەی پەروەردەدا هەوڵدەدەین بگەینە ئامانجێکی دیاریکراو و یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئەمەش ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندنە، بۆیە دەبێت ناوەڕۆکەکە وەرگێرانێکی ڕاستگۆیانە بێت بۆ ئامانجەکان، بەرجەستەکردنیان بەئاسانی فەراهەم بێت

### ٢-٢-٢: ڕاستگۆیی و گرنگی ناوەرۆکەکە:

ڕاستگۆیی واتە ڕاست و دروستی و متمانەکردن بە زانیاری و گرنگی: بەهای ناوەڕۆک بۆ قوتابی و کۆمەڵگە، بۆیە زۆرجار قوتابییان دەپرسن: بەهای ئەو شتە چییە کە من دەیخوێنم ؟ و گرنگی چییە؟ ئەمە ئەو شتەیە کە من دەیخوێنم، کە لە ژیاندا سودم پێ دەگەیەنێت یان لە کار؟ بۆ نمونە، ئایا خوێندنی سیفەتی کەسایەتی ئەورویی یارمەتیم دەدات بۆ دیاریکردنی شێواز و ئامرازە گونجاوەکانی داکۆکیکردن؟

سەبارەت بە گرنگی ناوەڕۆکەکە: توانای بەخشینی گیانی بابەتەکە و لایەنی کرداری توێژینەوەکە بە قوتابیان بەمەش قوتابی فێری ئەوە دەبێت کە چۆنیەتی گوێ لە خەڵک گرتن و چۆنیەتی خوێندنەوە و ناوەڕۆکی بابەتەکان. لێرەدا پێویستە ڕاستگۆیی لە پرۆگرام هەبێت و ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی قوتابی بێت، بەجۆرێک زانیارییەکان بەباشی بگوازێتەوە و بە قوتابی بگەیەنێت، بەمەش گرنگییەکەی دەبەستریتەوە بە ڕاستگۆیی لە گەیاندنی ئامانجی ناوەڕۆکی بابەتەکەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

### ٢-٢-٣: دەبێت ناوەرۆکەکە ڕەنگدانەوەی پێویستییە هەنوکەییەکانی قوتابی بێت:

ناوەڕۆکەکە دەبێ بە واقیعی کولتورییەوە ببەسترێتەوە، کە لەلایەن قوتابییەوە ئەزمون کراوە، پێویستە ناوەڕۆک هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی قوتابی لەو دیاردانە تێبگات، کە لە دەوروبەریدا ڕودەدەن، ئەو گۆڕانکاریانە بخاتەڕو کە بەرانبەر قوتابی دەبێتەوە، هەروەها دەبێت پرۆگرام بتوانێت قوتابی بەشێوەیەک ئامادەبکات توانای هەڵکردنی هەبێت لەگەڵیاندا چ لەروی پێشکەوتنی شارستانیەتەوە بێت یان لەروی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بێت، یان لەڕوی بەرجەستەکردنی چالاکی و زارەکی و کارەکی و جوڵەیی و وروژاندنی بیر و هەست جوڵاندن بۆ بیرکردنەوە بێت، پێویستە گۆڕانکارییەکان بەپێی پێویست و ئاستی گەشەکردن و قۆناغەکانی خوێندن بێت. ناورۆکی پرۆگرامی خوێندن پێکدێت لەم توخمانەی خوارەوە (تركي خباز البيرماني: ٢٠٠١: ١٥) لەوانە:

١- وشە و دەستەواژە و ڕستە و دەق: بریتین لە داڕشتنی بیرەکان لەڕێگەی ناونیشان بێت یان خستنەڕوی ناوەڕۆکەکان لەڕێگەی ئەو واتایەی لە بیری نوسەر دەگوازنەوە بۆ بیری خوێنەر.

٢ – پەیوەندی نێوان وشە (چەمک و زاراوە)کان لەگەڵ واتاکەی: چەمکەکان وەک وێنەی ئەقڵی پێناسە دەکرێن، کە ئاماژە بە بیرۆکەیەک دەکەن و بە یەک وشە یان چەند وشەیەک دەریاندەبڕن، بەڵام زاراوەکان ئەو شتەن کە لەسەری ڕێککەوتون کە پێیدەڵێن شتێکی دیاریکراو(عادل معوض:٢٠١٠)، لێرەدا مەبەست وشەکە وەکو فۆرم چ واتایەک دەگەیەنێت ئایا واتاکان ڕونن یان پیویستیان بە لێکدانەوە هەیە، بۆیە لە پەرتوکە پەروەردەییەکان فەرهەنگۆک زۆر پێویستە ئەم لەلایەک قوتابی لە واتای وشەکە دەگات، لە لایەک فەرهەنکی وشەی فراوان دەبێت.

٣ –چیرۆک(ڕاستی و بیرۆکە): ڕاستی بە لێدوان و ڕوداو یان دیاردە سەلمێنراوەکان پێناسەدەکرێت و بیرۆکەکانیش کۆمەڵێک ڕاستی گشتین، کە دیاردەکان یان پەیوەندییەکان ڕون دەکەنەوە، زۆربەی کات ئەمانە لەڕێگەی چیرۆکەوە دەخرێنە بەر دیدی قوتابی.

١- گشتاندنەکان: گشتاندن وەک دەستەواژەیەک پێناسە دەکرێت، پەیوەندی نێوان دو چەمک یان زیاتر لێکدەداتەوە یان ڕون دەکاتەوە، لەڕێگەیەوە زانیاری زیاتر بە قوتابی دەبەخشرێت کار لەسەر ئامانجە فیرکارییەکانی دەکرێت.

٥ – بەهاکان و ئاراستەکان: بەهاکان ئەو پێوەرانەن، کە هەڵوێست یان ڕەفتار تێیدا دادگایی دەکرێن، بەڵام ڕەوتەکە (ئاڕاستەکە) چەمکێکی تاکەکەسییە، کە مەیلی مرۆڤ بەرامبەر بە شتەکان یان کەسەکان یان هەڵوێستەکان.

٦ – کارامەیی: ئەمانە ڕاهێنانی هزری و زانستین کە لەڕێگەی بابەتەکانەوە لەژێر چاودێری ئەزمونی پەروەردەیی بە ئەنقەست و پلان بۆ داڕێژراو ئەنجام دەدرێن.

٧-وێنەکێشان و وێنە و نەخشە.

٨-چالاکیەکان، ڕاهێنانەکان و پرسیارەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

ئەو بنەمایانەی خرانەڕو پێویستە لە دانانی پرۆگرام کاریان لەسەر بکرێت، ئەو مەعریفە و زانانینەی هەیە، پێویستە بکرێتە مەعریفەی پەروەردەیی و لەڕێگەی ناوەرۆکی خوێندن بە قوتابی ئاشنا بکرێت، بەشێوەیەک مەعریفەکە دابڕێژرێت لەگەڵ ئاستی زیرەکی قوتابي بگونجێت، ئەمە هەم لەڕوی ڕێکخستنی ئاستی زانستی مەعریفەکە هەم لەڕوی خستنەڕوی زمانەکەوە، پێویستە زمانەکە شێوازێکی ڕەوانی هەبێت سەرنج ڕاکێش بێت لەگەڵ توانای قوتابیدا بگونجێت، بابەتەکان ڕێکخراو بن زمانی ڕونکردنەوەکان لە ئاستی قوتابی بگونجێت (هەوار عومەر فەقێ احمد: ٢٠١٥: ١٤٠) کەواتە دارشتنی زمانی لەلایەک و دارشتن و خستنەڕوی قەبارەی مەعریفەکە کاریگەری خۆی لە دانانی بەرنامەی خوێندن دەبێت، دەکرێت بگوترێت مەعریفە و زمان دو ڕوی یەک دراون، یەک ئەوەی دیکە تەواو دەکات لە پرۆگرامێکی پێشکەوتو و کاریگەر بتوانێت ڕەفتاری تاک ئاراستە بکات.

ئەم توخمانەی سەرەوە کە خرانەڕو، هەریەکەیان گرنگی کاریگەری خۆی هەیە، بەشێوەیەک کەلێنێک پڕ دەکاتەوە لە ناوەرۆکەکە چ لەروی مەعریفەوە، کە ڕێکخستنی بیرۆکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چ لەروی زمانەوە بێت کە یەکەکانی زمانی وەکو ناوەندێک ئەرکی گواستنەوە و دارشتن و گەیاندنی مەعریفەکان دەگرنە ئەستۆ جا وشەو دەستەواژەکان بێت کە لەناونیشانەکان ڕەنگدانەوەیان دەبێت، چونکە ناونیشان ڕینوێنی خوێنەر دەکات بۆ دەقەکە وەکو کلیلێک وایە پوخت و ناواخنی بابەتەکە لەخۆدەگرێت ڕەنگدانەوە و درێژەپێدەری بیری دەقەکەیە (شیلان عمر حسەین: ٢٠١٥: ٢١)، کەواتە ناونیشان هۆکارێکە بۆ هاندانی خوێنەر تا باشتر لە خوێندنی ناوەرۆکەکە بگات، هەروەها دەقەکان گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە گەیاندنی واتا و مەبەستی نوسەر (دانەرانی پرۆگرام) بۆ خوێنەر(قوتابی)، دەقەکان وەک بۆتەیەک وان بیرەکان هەڵدەگرن، کەواتە لەڕێگەی دەقەکانەوە دەتوانرێت کاریگەری بخەینە سەر بیری قوتابی، لەوێوە گۆران لەرەفتار و کەسایەتی بکرێت، لە بەشی دواتر ڕۆشنایی دەخەینە سەر دەق و ئەو پەیامانەی دەقەکان بەرجەستەی دەکەن لە ڕێگەی ئەو کردانەی دەقەکان ئاراستە دەکەن، هەروەها ئەو لێکەوتانەی دەقەکان لێیان دەکەوێتەوە، کەواتە دەقەکان کار لەسەر ئامانجە پەروەردەییەکان دەکەن بە مەبەستی گۆرینی ڕەفتاری تاک، زانیارییەکان لەڕێگەی زمانەوە بەقوتابی دەگەیەنرێت بەپێی جۆر و فۆرمی زانیاریەکە چەند بنەمایەک لە پرۆگرامی خوێندندا دیاریکراون(مهاباد کامل عبدالله: ٢٠١٦: ٢٠٨) لەوانە:

١- زانیاری لەسەر ڕاستی: ئەو زانیاریانەن کە ڕەهان و سەلمێنراون، پێویستیان بە ڕونکردنەوەیە، ئەمەش بە نەخشاندن و وێناکردن لە ئاوەزی قوتابیدا .

٢- زانیاری لەسەر بنەمای چەمک: بناغەی چەمک بابەتەکانی زانست و بیرکارین، بۆ چەسپاندنی ئەم چەمکانە پێویستە نەخشاندن و وێناکردن هەبێت.

٣- زانیاری لەسەر بنەمای زمان: هەرچەندە زمان هۆکارە بۆ وەرگرتنی زانیاری، بەڵام هەندێک بابەتی وەک فەلسەفە و ئەدەب و سەرجەم زانستەکانی تر زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە (هەوار عومەر فەقی ئەمین: ٢٠١٥: ٤٠)، پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا گرنگی بە زمان بدرێت لە بەکارهێنانی وشە، زاراوە، ڕستە، دەق، چونکە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

گەیاندنی زانیارییەکان و خوێندنەوەی زۆر کارامەیی نوسین زیاد دەکات و گوێگرتنی زۆریش کارامەیی ئاخاوتن زیاد دەکات.

٤- زانیاری لەسەر بنەمای بەها: بەها گرنگە خۆی لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە، بۆیە پێویستە بە وشیارییەوە کار لەسەر بەهاکان بکرێت.

## بەشی سێیەم: ئامانجە پەروردەییەکانی پرۆگرامی خوێندن

### ٣-١: پۆلینی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە پرۆگرامی خوێندندا (مهاباد کامل عبدالله:٢٠١٦: ١٩٦،١٩٥) ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

### ٣-١-١: ئامانجە مەعریفییەکان(بواری زانیاری):

گرنگی بە لایەنی زانستی هۆشەکی بابەتەکان دەدات کە(بیرکدنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، لێکدان) دەگرێتەوە، لە پرۆگرامی خوێندندا بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایانە دەبێت ئەم لایەنانی خوارەوە بەرجەستەکراوبن(شیلان عومەر حسێن: ٢٠١٦: ١٧٣،١٧٢):-

١- دەبێت دارِشتنی ناونیشان بیر و وشە و ڕستە و وێنە و دەقەکان و وروژێنەر و بەگەڕخەر و کاراکەری مێشک بن، بەجۆرێک لەیەک کاتدا زیاتر لە هەستەوەرێکی قوتابی ببزوێنێت (لێکۆڵینەوە نوێیەکان جەخت لە کارپێکردنی هەردو نیوەگۆی مێشک دەکەنەوە، ئەویش بەوە دەبێت کە زیاتر لە چالاکییەک فێری منداڵ بکرێت)(شیلان عومەر حسین: ٢٠١٦: ٦). هەروەها دەبێت بایەخی تەواو بە یادگەی قوتابی و چۆنییەتی گەیاندنی زانیارییەکان و بە چ میکانزمێک و بە کام چەشنە زانیارییە لە فەرهەنگی ئاوەزی قوتابییدا تۆمار دەبێت و دەمێنیتەوە، چۆن دەستپێگەیشتنمان هەبێت بۆی و چۆن بەبیربهێنرێنەوە، چونکە دواجار فێربون دەوەستێتە سەر بیرهێنانەوەی ئەو داتا و زانیاریانەی وەرمانگرتون، بەمجۆرە فێربون بریتییە لە درککردنی زانیاریی و خەزنکردن لەیادگە.

٢- لە پرۆگرامی خوێندن دەبێت کارەکیکردنی زانیارییەکان و بیرەکان بە قوتابی پیادەبکرێت، (پیاچە) قۆناغبەندی بۆ چۆنیەتی گەشەکردنی زانیاری و درککردنی لای منداڵ کردوە، کە: یەکێک لەقۆناغەکان بە قۆناغی کرداری هەستپێکراو لە تەمەنی (١١-٨)ساڵیدایە، لەم قوناغەدا ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێت حەز لە بەکارهێنان و کارەکیکردنیان دەدات، هەوڵی چارەسەری کێشەکانی بە بەکارهێنانی شارەزایی هەستی دەکات زمانی لەڕوی خود تەوەرییەوە بۆ زمانی کۆمەلایەتی هەنگاو دەنێت، بۆیە هاندان و ستایشکردنی ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە بەگەڕخستنی تواناکانی.

٣- دەبێت ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن بەجۆرێک دابریژرێت ڕێکخراوەیی زانیاری و بیرەکان و تەواوکاری و پەیوەندیان پێکەوە هەبێت، لە هەمانکاتدا دەبێت وشیاری بە قوتابی ببەخشێت و وریایان بکاتەوە و فێری تێبینیکردن و وردکردنەوەی زانیاری و بیرەکانیان، ئەمەش بە کارەکیکردنی زانیاری و بیرەکان بەمەش قوتابی ئەزمون وەردەگرێت و سەرچاوەی زانیارییەکانی فراوان دەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

### ٣-١-٢: ئامانجە ویژدانییەکان:

ئەو ئامانجانەیە گرنگی بە هەست و کاردانەوەکان و ئارەزووەکان دەدات لە کۆمەڵدا (وەڵامدانەوە، هەڵسەنگاندن، ڕێکخستن و پاراستنی بەهاکان، ئاڕاستەکان، قبوڵکردن، پێکەوەژیان)، لێرەدا کۆمەڵ لە ڕوانگەی کۆکبونی دەستەیەک لەسەر بەها و، دابونەریت و زمان و کلتوری هاوبەش، چۆنییەتی دونیابینی بەیەکەوە گرێدراوە، قوتابخانەش وەک دامەزراوەیەک دوای خێزان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کردەی پێگەیاندنی تاک هەیە، لێرەوە چەند خاڵێک دەخەینە بەرباس، لەوانە:

١- گواستنەوە و گەیاندنی کلتور و فەرهەنگ و دابونەریت و هەمو ئەو ڕەگەزانەی ڕەسەنایەتی نەتەوە پێکدەهێنن بەهای کۆمەڵایەتی دیاردەکەن، بریتییە لە ڕەسەنایەتی نەتەوە دەبێت لە پرۆگرام ڕەنگدانەوەی هەبێت. کەواتە ڕێکخستنی بەهاکان چۆنییەتی بیرکردنەوەی(ئاڕاستەی) تاکەکان پێویستە لە ئاست پێشکەوتنەکانی سەردەم بێت.

٢- پەیڕەوی پرۆگرامی خوێندن لەڕوی زمانەوە، پێوەیستە فرەیی زمانیی ڕەچاوبکرێت و ڕیز لەوانی تر بگیرێت لەنێوان پەیرەوی زمانی دایک یان زمانی دوەم یان پەیڕەوی جوتزمانی (شیلان عومەر حسێن: ٢٠١٦: ١٧٩-١٨٢)، یان بەکارهێنانی زمانێک وەکو یەک ئاڕاستەیان بکات هەستی کەس نەڕوشێنێت.

### ٣-١-٣: ئامانجە دەرون جوڵەییەکان(بواری کارامەیی):

ئەو ئامانجانەیە گرنگی بە ڕەفتار و گەشە و لێهاتویی (ژیری و کرداری) دەدات (بەو مانایەی بەکارهێنانی هەستەکان لە کارکردندا، ئاسایی کردنەوە، داهێنان) (سهيله محسن كاظم الفتلاوي:٢٠٠٣: ٢٦٨)، ئەم ئامانجە بنیاتی کەسایەتی تاک دادەمەزرێنێت، لە ڕێگەی کاریگەری و وروژاندن و درککردن، لەسەر جۆرێتی ڕەفتارەکان، بەمەش کردەی فێربون پەسند دەکات، لەم بوارەدا پێیوستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١- فێربون پەیوەستکراوە بە ئەو بیر و زانیاریانەی کە یەکە زمانییەکان هەڵیانگرتوە، وەک تێکردەیەک بەشداری لە کردەی بیرکردنەوە و تیگەیشتن دەکەن، کە داوجار لەڕفتارییاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت، لێرەدا ڕەفتاری تاک وەک کاردنەوەیەکی ئەو وروژێنەرانەی کاریگەرییان لە بەرهەمهێنانیدا هەیە لێیدەکۆڵرێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە لە ناوەرۆکی پەرتوکەکان وریایانە مامەڵە لەگەڵ هێما زمانییەکان بکەین، چونکە کاریگەری دەخەنە سەر دەرونی تاکەکان.

٢- دەبێت پرۆگرامی خوێندن زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بیر و واتایانە بکات، کە دەقەکان هەڵیانگرتوە و ڕەچاوی کاریگەری و کاردانەوەکانی بکات لە ئاوەز و ڕەفتاری قوتابیدا، لەبەرئەوەی بیر بریتییە لەو کەرەسە خاوەی لەئاوەزی هەر تاکێکدایە، کە دیدو بۆچونێکی ڕوت(مجرد) دەگرێتەوە، بەرانبەر بە هەبوەکانی لە جیهانی دەروەدا. هەرچی کردەی بیرکردنەوەیە بەگەڕخستن و بەکاربردنی ئەو کەرەسە خاوەی ناو ئاوەزی مرۆڤ دانراوە (شیلان عومەر حسێن: ٢٠١٦: ١٧٤،١٧٥)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

له هەر یەکێک لەم ئامانجانەی خرانەڕو، زمان ڕۆڵێکی تەواوکاری دەبینێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان و گۆڕینی ڕەفتاری تاک بەشێوەیەکی ئاڕاستەکراو، زمان کردەیەکە، ڕوکارێکی کارای چالاکی مرۆییە، شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیدکردن و گواستنەوەی زانیارییە، زمان هۆکاری بەگەڕخستن و ئاڕاستەکاری هەریەک لەکردەکانی درککردن و ئاوەزداری مرۆڤە، بۆیە زمان بەوزە و هێزێکی کاریگەر و چالاک خستنەکار دیاریکراوە و فۆرمی ناوەوەی ئەم هێزەش جۆری بیر و شێوەی بیرکردنەوە دەنوێنێت، لە بواری پرۆگرامەوە پێوستە ڕەچاوی ئەم لایەنانەی زمان بکەین:

١- دەبێت پرۆگرامی خوێندن بە زمانی ستاندارد بنوسرێت، کە زمانی فەرمی و بنەڕەتییە، کە زمانی پەرلەمان و دەوڵەت و دامودەزگاکان و خوێندنە.

٢- پرۆگرامی خوێندن دەبێت بەگەڕخەری ئەو توانستە سەربەخۆ و زگماکییە زمانەوانییە بێت کە لەمێشکی تاکدا هەیە، وەرگرتنی زانیاری لەبەکارهێنانی زمانەوە بەرجەستە دەبێت و تێگەیشتن لەڕێزمان دەکەوێتە سەر چۆنییەتی بەچەمککردن و وێناکردنی، جێبەجێکردن و بەکارپێکردنی ئەم پرۆسەیە لە ئەستۆی پرۆگرامی خوێندندایە.

٣- دەبێت ئەو یەکە و زاراوە و وشە و دەتەواژانەی کە دەقەکانی پرۆگرامی خوێندن پێکدەهێنن، هەڵگری ئەو زانیاری و بیر و واتایانە بن کە دەرهاوێشتەی بیری قوتابین لە هەمو لایەنەکانەوە، چونکە دەقەکان گوێزەرەوەی کلتور و بەها و زانیارین.

٤- زمان هۆکاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵگەوە، تاکە ئامرازە مرۆڤ لەڕێگەیەوە بیرەکانی بەرجەستە دەکات. زمان ئەرکی سەرەکی دەگێرێت لەپرۆسەی بنیاتنانی کەسایەتی تاک (قوتابی)، لەبەرئەوەی کاتێک ئێمە منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کلتور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی دەکەین، بۆیە هەبونی کێشەیەک لە زمانی خوێندن گرفت دروست دەبێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و بیرکردنەوە، هەروەها لەسەر گوفتار و ڕەفتارەکانیش لێکەوتەی دەبێت (شیلان عومەر حسێن: ٢٠١٦: ١٨٢-١٨٤)

**٣-٢: تایبەتمەندی ئامانجەکانی پەروەردەی سەردەم**(سليمان أحمد عبيدات: ١٤٠٨هـ: ٨٢-٨٧)

١- پێویستە ئامانجی خوێندن ڕاستەوخۆ لەفەلسەفەی کۆمەڵگە سەرچاوەی گرتبێت.

٢- گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی (مەعریفی، ڕەفتاری، سۆزداری) فێرخوازان لە قوناغە جیاوازەکانی خوێندن.

٣- پێویستە ڕێکخستن و دارشتنی بابەتەکان سوک و ئاسان بێت و ئاڕاستەی هەموان بێت بەبێ جیاوازی، بەو مانایەی ڕەچاوی پەروەردەی فرەیی کرابێت لەڕوی زمانەوە(محمد الصاوي:٤)

٤- پێویستە ئامانجی پەروەردە دیاریکراو بێت.

٥- پێویستە لەگەڵ ڕاستی پەروەردەیی بگونجێت، بەئاسانی جێبەجێبکرێت.

٦- پێویستە بەپێی پلانێکی دیاریکراو جێبەجێبکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

## ٣-٣: پەیوەندی نێوان بەها و پەروەردە و زمان لە پرۆگرامی خوێندندا:

بەها لە زمانی ئینگلیزی (value)پێدەگوترێت، بیرۆکەیەکە پرسیار لەوە دەکات چ شتێک ڕاستە یان هەڵەیە یان بەسودە (Longman dictionary: 2009: 1942)، لە زمانی عەرەبی وشەی (قیمه) بە واتای نرخ و بەها هاتوە (فازل نیزامەدین:٢٠٠٧: ٩١٣) بۆ دانراوە، بەڵام نرخ زیاتر کڕین و فرۆشتنە و بەها و بایەخ زیاتر لەگەڵ ڕەوشتی تاک و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگونجێت. کەواتە دەتوانین بڵێین بەها بەو شێوە پێناس بکەین و بڵێین: کۆمەڵە پێودانگێکن، کە تاکەکان سەبارەت کردەوەی خۆیان و کردەوەی ئەوانیتر بەراورد دەکەن، کە چ شتێک پێویستە و چ شتێک ڕێگەپێنەدراوە (مراد حكيم محمد: ٢٠١١: ٧)، لێرەدا بەهاکان دەبن بەجڵەوگیری ڕەفتاری تاکەکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ ئەو ئامانجەی کە کۆمەڵگە کاریان بۆ دەکات. بەها کۆمەڵە سیستمێکی ئاکارییە پەیوەندییان بەمرۆڤەوە هەیە، کە هەڵقوڵاوی ئاین و کلتورەکەیەتی، بەها شتێکی خۆرسک نییە، بەڵکو لەڕێگەی پرۆسەی فێربونەوە بەدەست دێت(عادل شاسواری:٢٠١٣: ٢٩٢).

بەهاکان کۆڵەگەی بنەڕەتین لە بواری مرۆڤایەتی، کە کۆمەڵگە پشتی پێدەبەستێت، لەهەمان کاتدا بە گرنگترین کۆڵەگەی پەروەردەش دادەنرێن، لەبەرئەوەی گرنگە بەپەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەدات(عبدالرحمن بن محمد الشعوان: ١٤١٧هـ: ١٥٢)، بەو مانایەی بەهاکان چۆنییەتی پەیوەندیکردن و مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر دیاریدەکات و لەڕێگەی ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی ئاڕاستەی ڕەفتاری تاک دەکات، پەروەردەش لە بنچینەدا پرۆسەیەکی بەهاییە بە ئامانجی گەشەکردنی تاکەکانە لەڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە، کە باشترین کەرەسەیە بۆ گواستنەوەی بەها ویستراو و پەسندکراوەکان و چاندنی لەدەرونی قوتابیدا(عبدالرحمن بن رومي بن عبدالرحمن:٢٠١٢: ٢٧ )، کەواتە پەروەردە لەڕێگەی پرۆگرامەوە بەهاکان لە ناخی تاکەکان جێگیر دەکات و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیگوازێتەوە، کاردانەوەی بەسەر ڕەفتار و ئاکاریاندا دەبێت (شیلان عمر حسەین: ٢٠١٥: ١٧)، لێرەدا ڕۆڵی زمان دێتە پێشەوە بۆ جێگیرکردنی بەهاکان ئەویش لەڕێگەی نوسین و داڕشتنی ناوەرۆکی پەرتوکی کتێبەکانی خوێندن، کەواتە زمان و پەروەردە وەکو دوانەیە، هەریەکە بەپێی پرەنسیپی جیاواز کار لەسەر جێگیرکرددنی بەهاکان دەکەن، بەمەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری تاک، چەندی پەروەردە کار لەسەر بەها دەکات، دەتوانین بڵێین زمان زیاتریش کار لەسەر چەسپاندنی بەهاکان دەکات، چونکە پەیامە پەروەردەییەکان بۆ گەیاندنیان پێویستیان بە زمانێکی سوک و ئاسان و ڕەوان هەیە.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی زمان و پەروەردە لەلایەک بەها لەلایەک پەیوەندییەکی هەمبەری لەنێوانیاندا هەیە هەریەکەیان ئەوەی تریان تەواو دەکات، بەبێ زمان و پەروەردە چەسپاندنی بەهاکان کارێکی ئەستەمە، زمان و پەروەردەش بەبێ بەها سودیان نابێت(إبتسام حسين الخزرجي:٢٠١٣: ٣٥).

## ٣-٤: بەهای زمانی لەنێوان سیمانتیک و پراگماتیک:

بەهۆی ئەوەی بەها چەمکێکی واتایی هەیە، لە هەریەکە لە زانستەکانی سیمانتیک و پراگماتیک تایبەتمەندی جیاوازی دەبێت، سیمانتیک خۆی بە واتا دەربڕاوە زمانییەکانەوە خەریک دەکات، کە واتایەکی چەسپاو و نەگۆڕە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

(بیستون حەسەن ئەحمەد: ٢٠١٢: ٤٣)، بەو مانایەی سیمانتیک بایەخ بەشیکردنەوە و دەربڕینە زمانییەکان دەدات و توێژینەوە لە واتای فەرهەنگی و کاریگەرییە ڕێزمانییەکە دەکات لە سنوری ڕستەدا، بەمەش واتا پەیوەستە بە مەرجی دروستی ڕستەوە، بەڵام پراگماتیک توێژینەوە لە واتای دەوروبەر دەکات، لێرەدا توێژینەوە لە واتا ئاستێکی جیاوازتر لە سیمانتیک وەردەگرێت، چونکە پراگماتیک لە دەرەوەی ڕێزمان توێژینەوە لەوە دەکات کە قسەکەر (نوسەر) چۆن بە مەبەستەوە زمان بەکاردێنێ، زۆرجار دەقەکان زیاتر لەمەبەستێک دەدەن یان مەبەستی شاراوە هەڵدەگرن، کە خوێنەر زیاتر بیری بۆلای مەبەستەکە دەڕوات نەک واتای ئاسایی ڕستەکان، بەمەش بەهای زمانی واتای دروستی دەکەوێتە نێو مەبەستی نوسەر و ئەو دەوروبەرە زمانییەی کە دەربڕینەکەی تێدا دەخرێتەڕو (ڕوخسار نەبی مەغدید: ٢٠١٧: ١٨)، بۆ دۆزینەوەی بەهای دەقەکان و مەبەستەکان دو کردەی پراگماتیکی ئەنجام دەدەین ئەوانیش (کردە و لێکەوتە) کردەکان چ پەیامێک لە دەقەکان ئاڕاستە دەکەن، هەروەها دەقەکان چ لێکەوتەیەک دەخەنەوە لەناوەڕۆکی پەرتوکەکانی خوێندنی بنەڕەتی.

کاری پەروەردە دیاریکردنی دروستترین ڕێگەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە هزری پەروەردەیی هزرڤانان و فەیلەسوفاندا، بەشیوازێکی ڕێکخراو دادەڕێژن پەیوەست بە سەردەم و ژینگەی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە، ئاراستەی پراگماتیکیش بە یەکێک لە دیارترین ئەو ئاراستانە هەژمار دەکرێت، کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، لە نێویاندا پرۆسەی پەروەردە دەکرێتە ئامرازێک بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە.(مسلم حسن محمد و سەرکار حمەرشید سعید :٢٠٢١: ١٦٨)

## ئەنجامەکان:

١- پەروەردە گرنگترین و باشترین فاکتەرە تاوەکو لەڕێگەیەوە دەوڵەت فەلسەفە و ئایدیاکانی لەبیری تاکەکان بچەسپێنێت و بەرەو داهاتویەکی ئامانجدار ئاڕاستەیان بکات.

٢- پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێک ئەزمونی پەروەردەییە، پلانێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی فێربون، کۆکراوەی ئەو زانیاری و شارەزاییانەیە، کە پسپۆڕان و دەرونزانان و کۆمەڵناسان زمانەوانان پێیگەیشتون.

٣- زمان و پرۆگرام لە بواری پەروەردە هەریەکەیان لەگەڵ تاکدا لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان، بەهای زمانی دەورێکی باڵا دەگێڕێت لەپرۆگرامی خوێندندا، بەوەی بیرۆکەکان لەڕێگەی زمانەوە خۆیان نمایش دەکەن. کەواتە پەروەردە لە ڕێگەی پرۆگرامەوە بەهۆی زمانێکی مەبەستدار کار لەسەر هێنانەدی ئامانجەکان دەکات. چۆنییەتی دارشتنی زمانی دەقە پەروەردەییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گەیاندی ئامانجە پەروەردەییەکان

٤- دەبێت لەپرۆگرامدا بابەتەکان بەجۆرێک دادەبڕێژرێن، ڕەنگدانەوەی مەیل و پێداویستییەکانی قوتابی بێت.

٥- بەکارهێنانی زمان لە دەقە پەروەردەییەکانی پەرتوکی خوێندندا پێویستی بەشارەزایی لێهاتوی هەیە، چونکە ئامانجی پەروەردە گۆڕینی ڕەفتاری تاکە لە ڕوی دەرونی و جوڵەیی و ویژدانییەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

# Language and Curriculum in Education Field

**Shukur Mohammed Saleh[1] - Nareman Abdwlla Kareem[2]**
[1+2]Kurdish Department, College of Basic Education, University of Salahadden, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The study is entitled, 'language and curriculum in education field. It stresses on how curriculum and language can impact on individuals and the changes in their behavior. The curriculum is said to be the compilation of the experience and educational activities which has multiple objectives behind. The use of curriculum is to direct and enable the individuals to progress thanks to the use of language set by authorities in diverse sectors of life. The way of constituting the language of educational texts of the coursebooks directly affects meeting the education objectives and the change in individuals' behavior. Therefore, the role of language is seen as substantial as the role of curriculum in meeting the objectives of education. Semantic conveyance, in per educational text, is considered the first step to learning. Language and curriculum are two inseparable entities in which neither one can ever stand in the absence of the other. The study consists of three chapters, some concluding points and the list of references.

First chapter (curriculum and language) addresses the curriculum and language separately. Education philosophy, the principles of curriculum as well as the objectives of it are discussed. Chapter two (the curriculum and its effects) addresses the relationship between the curriculum and the student him/herself with respect to the development, directions, skills, needs and the desire for learning.

Chapter three addresses the classification of educational and instructional objectives in education curriculum as (cognitive,…… emotional)

**Keywords:** Language of Education, Curriculum, Language, The Goal of Education, Educational Text



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30**

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد الحاج محەمەد(٢٠٠٨)، فەلسەفەی پەروەردە، وەرگێرانی طه محەمەد قەرەداغی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

چنار سعد عبدالله(٢٠٠٩) ڕۆل و کاریگەری سیستەمی پەروەردە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی لەکۆمەڵگەی کوردیدان نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ڕەمەزان حەمەدمین قادر(٢٠١٦)، پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ڕوخسار نەبی مغدید (٢٠١٧)، بەها کۆمەلایەتییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی لەڕوانگەی بۆچونی هۆشەکییەوە، نامەی ماستەر،فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران.

شیلان عومەر حسەین(٢٠١٥) بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆی سلێمانی.

شیلان عومەر حسین:(٢٠١٦)، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاری پرۆگرامی خوێندن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین.

عادل شاسواری(٢٠١٣)، بەکۆمەلایەتیبون لەنێو ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی.

عزیز ئالانی(٢٠٠٨)، هزری پەروەردەیی و فەلسەفی لە پێناوی گۆڕاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لاوکۆ، سلێمانی.

فازل نیزامەدین (٢٠٠٧)، فەرهەنگی شیرینی نوێ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

مراد حکیم(٢٠١١)، ڕەوشی بەهاکان لەعێراق لەژێر ناونیشانی تیۆری ڕۆنالد، ئینگهارد، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

مسلم حسن محمد و سەرکار حمەرشید سعید(٢٠٢١) هزری پەروەردەیی لە پراگماتیک لای جۆن دوی دا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە ٢.

مهاباد کامل عبدالله( ٢٠١٦)، کۆزانیاری زمانی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی، کۆنفرانسی پرۆرامەکان(ئیستای پرۆگرامەکان و تیروانینمان بۆ داهاتو)، هەولێر.

هەوار عومەر فەقێ ئەمین (٢٠١٥)بنەماکانی زمامی پەروەردەیی لەپرۆگرامی خوێندندا- خوێندنی زمانی کوردی بەنمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان.

إبتسام حسين الخزرجي(٢٠١٣)، القيم التربوية المضمنة في كتب المطالعة والنصوص للمرحله المتوسطه، رساله ماجستير، جامعه ديالة، كلية التربية الاسلامية، قسم اللغة العربية.

إبراهيم محمد الشافعي، راشد حمد الكثيري، سر الختم عثمان علي(١٩٩٦)، المنهج المدرسيّ من منظور جديد , دار الثقافة للطباعة والنشر, القاهرة .

احمد الفنيش(١٩٩٩) اصول التربيه، دار الكتاب الجديد المتحده، بيروت، لبنان.

احمد حسين اللقاني، وابو سنينة، عودة عبد الجبار، (١٩٨٩): تخطيط المنهج وتطويره ، الدار الاهلية الطباعة والنشر، عمان.

ايمان سعيد احمد باهمام(٢٠٠٩)، دور المنهج الدراسي في النظام التربوي الإسلامي في مواجهة تحديات العصر (تصور مقترح) رسالة ماجستير، جامعة ام قرى، كليه التربية، السعودية.

تركي خباز البيرماني(٢٠٠١) ، التدريس فلسفته أهدافه تقنياته ، مكتبة طرابلس ، الجماهيرية العربية الليبية

جبرائيل بشارة و أسما الياس(٢٠٠٣) المناهج التربوية، منشورات جامعه دمشق.

حلمي احمد الوكيل و محمد امين المفتي (٢٠١٢) اسس بناء المناهج وتنظيماتها،ط ١، اسس بناء الناهج وتنظيماتها عمان: دار المسيرة, ٢٠١٢.

-سليمان أحمد عبيدات(١٤٠٨ه) القياس والتقويم التربوي،ط١، جمعية عمال المطابع التعاونية، الأردن

سهيلة محسن كاظم الفتلاوي (٢٠٠٣) كفايات التدريس ،المفهوم، التدريب، الأداء، دار الشروق النشر والتوزيع، ط١، عمان الأردن، .

عبدالسلام مصطفى عبدالسلام(٢٠٠٦)تطوير مناهج التعليم لتلبية متطلبات التنمية ومواجهة تحديات العولمة، مؤتمر التعليم النوعى ودوره فى التنمية البشرية فى عصر العولمة،




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30

فتحي يونس واخرونك (٢٠٠٤)المناهج الأسس - المكونات - التنظيمات – التطوير، دار الفكر للنشر والتوزيع. عمان ، الاردن.

فراس علي حسن الكناني (٢٠١٤)قراءات في علم النفس التربوي, مطبعة زاكي . بغداد.

فواد محمد موسى(٢٠٠٢) علم المناهج التربية من المنضور الاسلامي، زهرة المدائن.

محمد السيد علي(٢٠١١)، موسوعه المصطلعات التربوية، دار المسيرة، عمان.

محمد الصاوي، في التربية اللغوية، التخطيط اللغوي: آراء وخبرات ، - الإسكندرية

ناجي تمار، عبدالرحمن بن بريكه(١٩٦٤) المناهج التعليمية والتقويم التربوية، دار المعرفة للنشر و التوزيع .

Christine Sherry Jaimungal(2013) Language, Power, and Race: A Comparative Approach to the Sociopolitics of English, master Of Art. University of Toronto.

Colin J. Marsh(2003)Key Concept for Understanding Curriculum, Third Edition , This edition published 2004 by RoutledgeFalmer Simultaneously published in the USA and Canada.

Deng, Z. (2012). School subjects and academic disciplines: the differences. In A. Luke, K. Weir, A. Woods & M. Moroney (Eds.), Curriculum, Syllabus Design and Equity: A Primer and Model. New York: Routledge.

J.V. Neustupný (2002) language and power in 21st century ,Malaysian, kula lumpur.

Jean. Claude Beacco and others( 2015) The Language Dimension in all subject council of Europe, Strasbourg.

Longman dictionary of contemporary English (2009), fifth edition ,England.

https://mawdoo3.com/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D9%87%D8%AC_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D9%8A ساجدة أبو صوي ٢٠١٧

https://ouargla30.ahlamontada.com/t55882-topic عبدالعزيز بن صلاح التميمي ٢٠١٢

https://e3arabi.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D9%88%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D8%A8%D9%88%D9%8A%D8%A9/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AD%D8%AA%D9%88%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D9%87%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D9%8A اسماء شاكر ٢٠٢٠

https://ikhwanwayonline.wordpress.com/2009/07/11/%D9%85%D8%B9%D8%A7%D9%8A%D9%8A%D8%B1-%D8%A7%D8%AE%D8%AA%D9%8A%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AD%D8%AA%D9%88%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D9%87%D8%A7%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D8%A8%D9%88/ ابورمروان(٢٠٠٩) معايير اختيار المحتوي (المنهاج التربوي)

https://omarschool.ahlamontada.com/t7-topic عناصر المحتوى الدراسي **عادل معوض (٢٠١٠)**

. http://omerhago.blogspot.com/2013/11/blog-post_6406.html غازى مفلح ٢٠١٣



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper30**